# تەنها یەک ڕێگە هەیە بۆ مانەوەی عێراق – و دەرچوونی ئێمە لێی[1]

## فیدراسیۆنی سێ دەوڵەتی شیعە، سوننە و کورد ڕێگە لە شەڕی ئەهلی (civil war) دەگرێت

نووسینی: Peter W Galbraith[2] لە هەولێرەوە
وەرگێڕانی: بەختیار کەریم لە ئۆکسفۆرد-ئینگلترا

دەنگوباسەکانی عێراق بە ئەندازەیەک خراپن، تەنانەت سەرۆک (بۆش)یش چیتر باس لە سەرکەوتنە کارەساتئامێزەکان ناکات وەک نموونە بۆ بەرەوپێشچوون. بەڕێوەبەرێتی بۆش ئێستا هەنگاو دەنێت بەرەو زیادکردنی ژمارەی هێزە سەربازیەکانی لە عێراق، و داوا لە بەریتانیەکانیش دەکات کە هەمان شت بکەن.

ساڵێک بەر لە ئێستا هێزی سەربازی زیاتر (لەوەش گرنگتر چۆنێتی بەکارهێنانیان) پێدەچوو جیاوازیەکی دروست بکردایە. زۆربەی خەڵک لە عێراق پێشوازیان لە ڕوخاندنی سەدام حوسێن کردو زۆر خەڵکیش سوپاسگوزاری هاوپەیمانان بوون و وەک ڕزگارکەر لێیان ڕوانین. ئەگەر هاوپەمانان ڕێگەیان لە تاڵانکردنی دامودەزگا گرنگەکان بگرتایە، ئەگەر زووتر خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانیان ڕێکبخستایەتەوە، ئەگەر پیلانێکی توندوتۆڵیان بۆ گوێزانەوەی دەسەڵات بۆ عێراقیەکان دابڕشتایە، ئەگەر خەڵکانی شارەزایان لە کاروباری عێراقدا بەکاربهێنایە، ئەگەر سوودیان لە وانە سەرکەوتووەکانی نەتەوە بنیاتنانەوە (nation building) لەپاش شەڕ لە تەیموری خۆرهەڵات و بۆسنیا وەربگرتایە، ئەوا دەشیا ئەمڕۆ کەش و هەوایەکی جیاواز لە گۆڕێ بوایە. بەڵام هەنوکە هیچ ئاماژەیەک نیە بۆ سەرکەوتنی ئەم ستراتیژیەتەی ئێستا.

### تەنانەت ئەگەر هاوپەیمانان هەموو شتێکیان بە ڕاست و ڕەوانی کرد، هەتا هاوپەیمانان وابەستی بیرۆکەی (عێراق)ێک بن کە بوونی نیە ئەگەری شکست خواردنی هەوڵەکان لە ئارادایە.

لەم دواییانەدا بەڕێوەبەری ئەمریکی (پۆڵ برێمەر) لە وتارێکیدا قسەی لە (ڕێگە بەرەو عێراقێکی نوێ کرد ....عێراقێک کە زۆرینە سوننە، شیعە، کورد یان تورکمان نیە بەڵکو عێراقیەکانن.) هەروەها ووتی (هەزاران گفتوگۆ گەیاندویانەتە ئەو بڕوایەی کە ئەمە ڕێگەی خواستراوە لە لایەن زۆربەی زۆری عێراقیەکانەوە.)

### من دەخوازم بزانم، دەبێت برێمەر لە قەڵا قایمەکەی خۆیەوە لەگەڵ کێدا گفتوگۆی کردبێت؟

لە ماوەی 20 ساڵی پێشودا، من سەردانی گشت قوژبنێکی کوردستانی عێراقم کردوە و زۆربەی سەرکەردەکانیش باش دەناسم، هەرگیز کوردێکی عێراقیم نەدیوە عێراقی لە کوردستانێکی سەربەخۆ پێ باشتربێت، ئەگەر ئەڵتەرناتیڤێکی واقعی لە ئارادابێت. سەرەتای ئەم ساڵ کەمپەینی ڕیفراندۆم و کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان (NGOs) 1.7 ملیۆن (نزیکەی دوو لە سێی دانیشتوانی پێگەیشتووی "Adults" هەرێمەکە) ئیمزایان لە کوردستان کۆکردەوە کە داوای دەنگدانیان کرد بۆ سەربەخۆیی.

شیعە عێراقیەکان کە نزیکەی 60% ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، زیاتر دەربڕین لە خۆیان لە ڕێگەی شوناسی ئاینیانەوە دەکەن. لە سەردانێکمدا بۆ باشور، هیچ ئاماژەیەکی پاڵپشتی کردنم بۆ حیزبە عیلمانیەکان

(secular parties) بەدی نەکرد، هەروەها پێدەچێت لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوودا حیزبە ئاینیەکان زۆربەی هەرەزۆری دەنگ بەدەست بهێنن. شیعەکان جوداخواز نین، بەڵکو هەست دەکەن کە پێگەیان وەک زۆرینە نەک تەنها مافی ئەوەیان دەداتێ کە هەموو عێراق حوکم بکەن بەڵکو مافیان دەداتێ بۆ سەپاندنی شێوازی خۆیان لە دەوڵەتێکی ئیسلامی.

ئەگەرچی کەمینەیەکی بچوک، واتە عێراقیە سوننەکان هەمیشە حوکمی عێراقیان کردوە. لە ڕووی مێژوویەوە سوننەکان ناسیونالیتسی عێراقین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پان-عەرەبیستن. ناسیونالیزمی عەرەبی (ناوەڕک و خەیمەی بەعسیزم) سوننە عەرەبەکان بە جیهانی گەورەتری عەرەبیەوە گرێ دەداتەوە، وە بێدەچێت گرنگیان زیادبکات پاش ئەوەی هوشیاربوونەوە لە لەدەستدانی پێگە و دەسەڵات.

ئەگەری هەڵایسانی شەڕی ئەهلی لە عێراق زۆر زیاترە لە دیموکراسی. تادێت گرژی زیاد دەکات لە نێوان سەرکردە عیلمانیە کوردەکان و شیعە ئیسلامیەکاندا، کە ئەمانەی دواتر دەخوازن عێراق بکەنە دەوڵەتێکی ئیسلامی. شیعەکان هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە لە کاتی دارشتنی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ملکەچی ئەو گەرەنتیانە نابن سەبارەت بە ڕۆڵی کوردەکان (وە سونیەکان) کە دەستوری کاتی بۆی دیاری کردون. سەرکردەکانی کوردستانیش لە وەڵامدا دەڵێن کە هەرێمەکەی ئەوان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا نامێنێتەوە.

هەوڵەکانی هاوپەیمانان بۆ بنیاتنانی عێراقێکی هاوبەش خەتەری وروژاندنی ئەم شەڕە ناوخۆیەی لێ دەکەوێتەوە. پاش ئەوەی سوپا و پۆلیسی نوێی عێراق لە فەلوجە بێسەروشوێن بوون، هاوپەیمانان هێزی پێشمەرگەیان هێنا لە ژێر پەردەی ئاڵای نیشتیمانی عێراقدا و بۆ شەرکردن لە دژی ئەو سونیە عەرەبانەی پەیمانی تۆڵەیان دابوو.

بە ڕوخاندنی سەدام، هاوپەیمانان سیستەمێکی سیاسی تەمەن 80 ساڵیان لەبەریەک هەڵوەشاند کە یەکێتی خاکی عێراقی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە فەراهەم کردبوو. لە کاتێکدا کوردەکان بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت عێراقی بن، کۆمەڵە مەزهەبیەکانی تری عێراق کە بۆچونەکانیان بەواتای وشە دژ بەیەکە لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی کۆمەلگا، هەوڵەکانی هاوپەیمانان بۆ دروستکردنی عێراقێک کە لە هەمان کاتدا یەکگرتو و دیموکرات بێت شکست دەخوات. باشترین هیوا بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتویی و بۆ پەناگرتن لە شەڕی ئەهلی، ڕێگەدانە بە هەریەک لە سێ کۆمەڵە گەورەکەی عێراق بۆ دامەزراندنی ئەو سیستەمەی کە دەیانەوێت.

لەبارترین هەل بۆ مانەوە، دروستکردنی فێدراسیۆنێکی ئازادە لە لانیکەم دوو بەڵام شیاوتر سێ دەوڵەت – دەوڵەتی کوردستان لە باکور، دەوڵەتی عەرەبە سوننەکان لە ناوەڕاست لەگەڵ دەوڵەتێکی شیعە لە باشور. حکومەتی نێوەندی (The central government) هەندێک دەسەڵاتی کەمی لە دەست بێت، وەک کاروباری دەرەوە و دارایی.

فیدرالیزم بۆ کوردستان مانای بەردەوامی دانە بەو تاقیکردنەوە دیموکراتیەی کە لە ماوەی 13 ساڵ لە هەبوونی نیمچە سەربەخۆیەک لە دەسەڵاتی عێراق دەستی پێکردوە. هاوپەیمانان پێویستە دەستبەرداری هەوڵەکانیان بن بۆ داماڵینی چەک لە هێزی پێشمەرگەی کورد، کە هێزێکی سەربازی ڕێکخراوە و لە هەرکام لە هاوپەیمانانی ئەمریکا زیاتر قوربانیدا بۆ ڕزگارکردنی عێراق.

کوردەکان هەرگیز بەگەڕانەوەی سوپای عێراق ڕازینابن، تەنانەت ئەگەر سوپایەکی ڕیفۆرم کراویش بێت، چونکە ئەم سوپایە دەبەستنەوە بە دەیان ساڵ لە چەوساندەوە و جینۆساید. دووبارە دامەزراندنەوەی دامودەزگانی حکومەتی نێوەندی لە کوردستان دەبێتە هۆی تووڕەکردنی ئەو بەشەی عێراق (واتە کوردستان-وەرگێڕ) کە بەڕادەیەک ئارامە کەمتر لە 300 سەربازی هاوپەیمانان لەوێ جێگیرکراون. مەگەر تەنها کەلەڕەقترین نەتەوە بنیاتنەرانی (nation builders) بەڕێوەبەرایەتیە "neo-conservatives" ەکەی بۆش بتوانن بیر لەم لۆژیکە بکەنەوە.

**گریمان حیزبه ئاینییه شیعەکان هەڵبژاردنیان لە باشور بردەوە، دەبێت ڕێگەیان بدرێت تا دەوڵەتە ئیسلامیەکەیان دابمەزرێنن، بەڵام تەنها لە باشور.**

**ئەشێت ئەمە خوازراو نەبێت، بەڵام ئەڵتەرناتیڤ بریتیە لە گەرمکردنی پێکدادان لەگەڵ لایەنە ڕادیکاڵەکانی شیعە، هەروەها ئەگەرەکانی هەڵایسانی شەڕی ئەهلی لەنێو خۆدی کۆمەڵگەی شیعەدا. هاوپەیمانان دەشێت بەخۆیاندا بچنەوە سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ چەککردنی میلیشیای (الحکیم)ی نیانرەو، چونکە خەڵکی شیعە دەچنە ڕیزەکانی سوپای مەهدی موقتەدای سەدر، کە پێدەچێت لە ئێستادا گەورەترین سوپای عێراقی بێت.**

**جیاوازیەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە هێندەی ئەو کەندەاوە گەورە نیە کە دەکەوێتە نێوان کورد و عەرەبەوە، دەشێت عەرەبە شیعە و سوننەکان بتوانن لەیەک دەوڵەتی عەرەبیدا پێکەوە بژین. کێشەی سێگۆشەی سونە نەبوونی سەرکردایەتەکی خاوەن جەماوەرە. دەوڵەتێکی جیا بۆ سوننە ڕێگە بۆ گەلاڵەبوونی سەرکردایەتیەک خۆشدەکات کە شەڕ دژی نەشتەرگەران** (insurgency) **لە ئەستۆ بگرێت. بەڵام بەداخەوە هیچ گەرەنتیەک نیە بۆ ڕوودانی ئەمە.**

**فیدراسیۆن ڕێگە دەدات بە هاوپەیمانان کە لە باکوری کورد و باشوری شیعە بکشێنەوە، وە زیاتر سەرقاڵبن بە ناوچە قەیراناویەکانی: بەغداد، سێگۆشەی سوننی و شاری کەرکوک کە ناکۆکی زۆری لەسەرە.**

**لە هەموو کاتکێک زیاتر ئەمریکاو بەریتانیا پێویستان بە ستراتیژەیەتی دەرچوون** (exit strategy) **هەیە لە عێراق، چونکە تادێت نارەزایی ڕوو لە زیادبوونە لە هەردوو وڵات و لە خودی عێراقیش. ئەم ستراتژیەتە پێویستە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی تەندروست بنیات بنرێت لەوەی کە عێراق چیە، نەک لەسەر بنەمای خەیاڵکردن بە عێراقێکەوە کە هەرگیز نەبووە. زۆر دوور لەوەی کە ئەمە هەنگاوی یەکەم بێت بۆ لەبەریەک هەڵوەشانی عێراق، فیدراڵیزم دوا دەرفەتە بۆ هێشتنەوەی وڵاتەکە بە یەکپارچەیی. بۆ بەریتانیا و ئەمریکاش ڕێگەی دەربازبوونە.**

---

[1] **سەرچاوە: THE GUARDIAN, on Monday may 17, 2004**

[2] **Peter W Galbraith سەفیری پێشووی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو لە کرواتیا، ئێستا دپلۆماتێکی پایەبەرزە لە** (Centre for Arms Control and Non-Proliferation) **لە واشنگتۆن. جگە لەوەی کە دۆستێکی کوردە و چەندین سەردانی کوردستانی کردوە.**